

## پێشانگەی کتێب

لەژێر دروشمی ( بڵاوکردنەوەی کتێب پـەرە پێدانـی ڕۆشـنبیریی کوردسـتانە ) بنکەی کاوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە ڕۆژانی٢٠ ٤/٢٥ / ٢٠٠٢ لـە هـەولێری پایتـەختدا لـەژێر چـاودێری سـەرۆکایەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ، هەفتەی ڕۆشنبیریی ساز کرد .

( ڕۆژی ٢٠ / ٤ / ٢٠٠٢ )



📖 کاتژمێر ( ١٠ ) ی سەر لە بـەیانی ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٢٠ بـەچاودێری سـەرۆکایەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەرێز مەحمود محەمەد وەزیری ڕۆشنبیریی نوێنەری هێژا نێچیرڤان بارزانی، بەئامادە بوونی بەرێزان نوێنەری مەکتبی سەرۆك و صلاح بدر الدين چاڤدێری گشتی بنکەی کاوا و عبدالعزيز طيب وەزیری پـەروەردە و اکـرم منتـك پارێزگـای هـەولێر ومـهدی خۆشـناو سـەرۆکی یـەکێتی نووسـەرانی کـورد لقی هەولێر وفرهادعونی نەقیبی سەندیکایی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

و پارێزگای سلێمانی سلام عبدالله ژمارەیەكی زۆر لەرۆشنبیران ، پێشانگای كتێبی لەهۆڵی میدیا كردەوە ، ئەمەو ئەم هەفتە رۆشنبیرییە بەهاوكاری وەزارەتی رۆشنبیری و بنكەی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك لە سلێمانی و كتێبخانەی برایەتی لەهەولێر و دەزگای خانی و گۆڤاری مەتین لەدهۆك ، لەگەڵ بەشداربوونی ئەم دەزگاو بنكە رۆشنبیریانەی كوردستان ئەنجامدرا ( یەكێتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر و دهۆك ، سەندیكای رۆژنامە نووسانی كوردستان ، بنكەی لالش ، ناوەندی رۆشنبیریی گولآن ، دەزگای ئاراس ، دەزگای موكریانی ، دەزگای رۆناهی خێرخواز ، كۆمەڵەی رۆشنبیریی كلدان ، كۆمەڵەی رۆشنبیریی توركمان ، بنكەی رۆشنبیریی كوردە فەیلیەكان ، یەكێتی ئافرەتانی كوردستان و یەكێتی قوتابیانی كوردستان ، كۆڕی زانیاری كوردستان ، گۆڤاری هەولێر ، برازی رۆشنبیرانی نوێخواز ، ئاسۆی پەروەردەیی ، گۆڤاری مەلای مەشهور ، پێشانگاكەش بریتی بوو لە دووبەش ، بەشی كتێب فرۆشتن و بەشەكەی تریش تەنیا بۆ پێشاندانی ئەو بڵاوكراوەو گۆڤارو رۆژنامە و كتێبانە بوو كە دەزگا رۆشنبیرییەكان بڵاویان كردۆتەوە ، بۆ ئەوەی خەڵك كەڵكیان لێ وەرگرێ ، ئەوەی شیاوی باسە داشكانی نرخی كتێبەكان بوو بەرێژەی ( ٤٠ ٪ ) بۆ ئەوەی خوێنەران بتوانن زۆرترین كتێب بكڕن . لەم پێشانگایەدا ( ٩٥٦ ) ناونیشانی كتێب كە كۆی گشتی دەكاتە (٥٤٦٠٠ ) كتێب دانرابوو ، ئەمە و لەدوای تەواو بوونی پێشانگاكە دەركەوت كەنزیكەی (٢٠) هەزار كتێب فرۆشراوە .

( رۆژی ۲۱ / ٤ / ۲۰۰۲ )



📖 كاتژمێر (٥) ی ئێوارەی ۲۱ / ٤ / ۲۰۰۲ لەهۆڵی میدیا لە ژێر ناوی (پەرەپێدانی كتێب وبلاوكردنەوی كوردی و ڕۆژی جیهانی كتێب ) كۆڕێك بۆ بەڕێزان ( سەرۆقادر ، ئەحمەد قەرەنی، دیار دۆسكی ، هەندرێن عەبدولقادر ) گێڕدرا ، پاش ئەوەی مامۆستا كەمال غەمبار باسی ڕۆژی جیهانی كتێب و گرنگی كتێبی كرد ، هەریەكە لە بەڕێزان باسێكی سەربەخویان لەم بارەوە پێشكەش كرد ، سەرۆقادر باسی لە پەرەپێدانی كتێب كرد ، ئەحمەد قەرەنی باسی لە دەوری چاپخانەكانی كوردستان لەپەرەپێدانی وبلاوكردنەوی كتێبی كوردی كرد ، دیاردۆسكی باسی لە ڕۆژنامەگەری ناوچەی بادینان كرد ، گیروگرفت و بلاوكردنەوی كتێب و پێشنیارەكان بابەتی هەندرێن عەبدولقادر بوون ، لەپاشاندا ئامادەبووان گفتوگۆیان لەسەر بابەتەكان كرد .





( ڕۆژی ٢٢ / ٤ / ٢٠٠٢ )



🕮 کاتژمێر ( ١٠ ) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٢ / ٤ / ٢٠٠٢ بەڕێز بارزان مەلا خالید بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە ڕۆژنامە نووسان و ڕۆشنبیران ، پێشانگایەکی کاریکاتێری هونەرمەندی کاریکاتێرست محەمەد قادر ( سەردەم ) لە هۆڵی میدیا کردەوە ، پێشانگا کە بریتی بوو لە ( ٥١ ) کاریکاتێر لەبارەی (ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و مافی ئافرەتان و مافی مرۆڤ و دام ودەزگاکانی حکومەت و هەروەها تێڕوانینی گەلانی دراوسێ دەربارەی پرسی کورد لە ڕوی سیاسیو کلتورییەوە ، هەروەها پەنجەدانان لەسەر سەرکێشە ناو خۆییەکان کاری تیرۆر و کێشەی نێو دەوڵەتیەکان و ڕەخنە لە بەرپرسان و دیاردەی چەکداری و چەندین بابەتی تری لە خۆ گرتبوو .





**( رۆژی ٢٣ / ٤ / ٢٠٠٢ )**

📖 کاتژمێر ( ٥ ) ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٣ / ٤ / ٢٠٠٢ بەبۆنەی ( ١٠٤ )ە مینساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی لەهۆڵی بنکەی کاوەدا کۆڕێکی بەناو نیشانی ( بیرەوەرییەکانم لەبواری کارکردنم لە ڕۆژنامەگەریدا ) بۆ بەڕێز ( د . مارف خەزنەدار ) گێڕا ، ئەمە دوای ئەوەی ( د . مارف خەزنەدار ) باسی بیرەورییەکانی بواری ڕۆژنامەگەری خۆی کرد . پاشان لەلایەن ( ئیسماعیل بەرزنجی ، مامۆستا مستەفا شەعبان ، عەبدوڵڵا زەنگەنە ) ، گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکان کرد . ئەمە و کۆڕەکە لەلایەن مامۆستا کەمال غەمبار بەڕێوە چوو .





( رۆژی ٢٤ /٤ / ٢٠٠٢ )

🕮 کاتژمێر ( ٣٠ , ٥ ) ی ئێوارەی ٢٤ / ٤ / ٢٠٠٢ لەهۆڵی بنکەی کاوە، بنکەکەمان لەیادی ( ١٠٤ ) ەمین ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی ئێوارە کۆڕێکی بۆ بەڕێز ( کاروان ئاکرەیی ) بەناونیشانی ( گوتاری فەڵەستین و رووداوەکانی ئەم دواییە ) ساز کرد ، پاش ئەوەی (کاروان ئاکرەیی ) باسەکەی پێشکەش کرد ، ئەم بەڕێزانە بەشداری گفتوگۆیان کرد ( سەرۆقادر ، سەلاح بەدرەدین ، د . عەبدوڵلا ساڵح ، نورەدین سەعید وەیسی ) ، کۆڕەکەش لەلایەن مامۆستا کەمال غەمبار بەڕێوە چوو .





( رۆژی ٢٥ / ٤ / ٢٠٠٢ )



📖 كـــــاتژمێر ( ٥ ) ی ئێـــــــــوارەی ڕۆژی ٢٥ /٤ / ٢٠٠٢ بـــــــــە ئامـــــادەبوونی بــــەڕێز نوێنـــــەری ســــەرۆكی حكومــــەتی هـــــەرێمی كوردستان بەڕێز مـەحمود محەمەد وەزیری ڕۆشنبیری و چەندین كەسایەتی حیزبی و حكوومـی و ژمارەیـەكی زۆری ڕۆشـنبیران و هونەرمـەندان كۆتـایی بەهەفتـەی ڕۆشـنبیریی بنكـەی كاوەی ڕۆشـنبیریی كوردی هێـنرا بـە ئاهـەنگێكی گۆرانـی و مۆسیقا لەلایـەن هاوسـەرانی گۆرانـی بێـژ ( سالارو هۆزان ) ئەمەو ئەو دام و دەزگا ڕۆشنبیریانەی خەڵات كران .





بریتی بوون لە :

١- یەکێتی نووسەرانی کورد   لقی هەولێر

٢- یەکێتی نووسەرانی کورد   لقی دهۆك

٣- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

٤- کۆڕی زانیاری کوردستان

٥- کەناڵی ئاسمانی کوردستان

٦- سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان

٧- دەزگای خانی

٨- دەزگای ڕۆناهی خێرخواز

٩- کتێبخانەی برایەتی

١٠- ئەنستیتۆتی ڕۆشنبیریی کوردستان   تاران

١١- دەزگای / دۆز

١٢- کوما کاوەیی هونەری





## کۆڕێك دەربارەی کتێب :

لە ژێر ناونیشانی ( پەرەپێدانی کتێب وبلاوکردنەوەی کوردی ورۆژی جیهانی کتێب ) ئەم وتارە لە هەفتەی رۆشنبیری بنکەی کاوە ، بۆ ١٠٤ ساڵەی یادی رۆژنامەنووسی کە لە لایەن بەرێز سەرۆ قادر پێشکەش کرا :

### کتێب زەرورەتێکی رۆشنبیرکردنە هیچ بەدیلی بۆ نیە ؟

نابێ گومانمان لەو راستییەدا هەبێت کە کتێب بەردەوام ئامرازی سەرەکییە بۆ کردەوەی خۆرۆشنبیرکردنی مرۆڤ. ئامرازەکانی دیکەی وەك رادیۆ، تەلەڤزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار و ئینتەرنێت، بۆ گەیاندنی زانیاریی خێران و کورت و موختەسەرن. تەنیا کتێب لە توانایدا هەیە دەرگای زانیاری و لێکۆڵینەوەی درێژ لەسەر ئینسان بکاتەوە. هەر بۆیەش نابێ فەرامۆش بکەین کە کتێب هۆکاری بەیەکەوە بەستنەوەی رۆشنبیریی فراوان و پشووی رەخنەیی و لێوردبوونەوەی قووڵە.

کتێب کاریگەری تایبەتی خۆی بەسەر کۆڵیشەوە هەیە. خوێنەرانی سەرپێیی و خێرا نین ، بە پێچەوانەی هۆیەکانی دیکەی راگەیاندن و پێکەوە بەستنەوەی مەعلوماتییە. هەر بۆیەش لەهەر وڵاتێکدا خوێنەری کتێب زۆر

بێ، ئەوە نیشانەیەکی ئاشکرای پێشکەوتنی فەرهەنگی ئەوێیە. میللەتانی کتێب خوێن خاوەنی شارستانییەتێکی دیارن و خسوسییەتی ڕۆشنبیریی خۆیان هەیە.

ئێمە بۆ باشتر لێحاڵیبوون دەتوانین پرۆسەی ڕۆشنبیری بە دوو چەشنی؛ عەمودی و ئوفوقی بێنینە بەرچاومان. لایەنی ئوفوقی بریتییە لە گشت شێوەکانی زانیاری لە ڕێگای تکنۆلۆژیای گەیاندنەوە. لەم لایەنەدا مرۆڤ زانیاری ڕۆشنبیریی و زانستی جیاجیاو خێرای دەستدەکەوێت. ئەم زانیاریانە بەو چەشنە قوڵ نین کە وەختێکی زۆر بخوازێت. دەکرێ بە زانیاری ژیانی ڕۆژانەو زەرورەتی کارکردنیان بژمێرین. کردەوەی ڕۆشنبیریی ئوفوقی میللەتێك ناخاتە سەر سکێچی پرۆسەی خۆرۆشنبیرکردنی جدی. دەکرێ لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆن، چەند وتارێکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، چەند سایتێکی ئینتەرنێت هەواڵ و هەڵوێستەکان بزانی، دەتوانی زەرورەتی داهاتنی پرۆژەیەکی فکری یان علمی بزانی، بەڵام موستەحیلە بتوانرێ بە قوڵی و فراوانی لێی حاڵی ببیت. لێرەدا دەوری سەرەکی کتێب لە خۆڕۆشنبیر کردنی دۆڵەمەند و لێتێگەیشتوو دێتە پێشەوە.

خۆڕۆشنبیرکردنی عەمودی، تەنیا بە کتێب دەکرێ. مەبەست لە لایەنی عەمودی کردەوەی ڕۆشنبیری، تێگەیشتنی ڕامان و تەئەمولییە. لێکۆڵینەوەی بنەماکانی فکرو ڕەخنە لێگرتنیەتی. ڕۆشنبیری قوڵ پێویستی بە ئامرازێك هەیە کە زۆر هەڵدەگرێ، دانامێنێ و پەلە قبوڵ ناکات؛ ئەویش کتێبە. میللەتانی خاوەن شارستانیەتی دۆڵەمەند، لە ڕۆشنبیریدا عەمودین. تەنیا لەوێدایە بەشەر دەتوانێ بکەوێتە وردەکاری و تەفاسیلی بیروبۆچوونە علمی و فەرهەنگییەکان.

لەو کۆمەڵانەی کە دەیانەوێ بکەونە پرۆسەی ڕۆشنبیریی ریشەیی و فراوان، دەبێ ئامرازی کتێب بە فراوانی بەکار بێنن. تەنیا کتێب دەتوانێ میللەتێك بخاتە بەردەم لێوردبوونەوە لە پرۆژە مستەقبەلییەکان. لەوەدا نامەوێ دەوری هۆیەکانی دیکە کەم بکەمەوە بەلام ئامرازە سەرەکییەکە کتێبە. هەر بۆیەش قنگڕ بوونی میللەتێکی نەخوێندەوار بە کتێب خوێندن کارێکی ئاسان نیە، ئەوەش بۆخۆی فەرهەنگێکی دەوێت. وەك دەبینن لە وڵاتانی پەرەئەستێن خوێنەرانی کتێب کەم و هێواشن. کارتێکردنی جدی و قوڵ لە میللەتێك دەبێ بە پرۆژەکانی لە رێگای کتێبەوە بێت.

خسوسییەتێکی دیکەی کتێب لەوەدایە کە توانایی بیرکردنەوەی جدی و رەخنە گرتن و پێداچوونەوەی فکری بە مرۆڤ دەبەخشێ . لەم رێگایەوە دەکرێ بە ساختومانی فکردا بچیتەوەو لە ستراکتۆری ناوەوەی فکر، زمان، ڕۆشنبیری ورد بیتەوە. کتێب مرۆڤ پڕچاوەڕوان و دۆڵەمەند و بەگومان لە هەر شتێك رادێنێ، مەبەستم گومانی زانستی و زیندووە.
ڕۆشنبیرانی هەر میللەتێك لەرێی کتێبەکانیانەوە دەناسرێن و لەم رێگایەوەیە دەکرێ سیمای فەرهەنگی هەر میللەتێك بخوێندرێتەوە. میللەتێك فەرهەنگی خۆی هەبێت، ڕۆشنبیری خۆشی هەیە، ڕۆشنبیرانی ئەوێ بەهۆی کتێب دەتوانن خسوسیاتی میللەتەکەیان نیشان بدەن. ناکرێ لە وتارێك ، گفتوگۆیەك، یان لەسەر سایتێکدا میللەتێك بە تێروتەسەلی بناسێنی. کتێب شناسنامەی هەر میللەتێکیشە. هۆکاری سەرەکیشیەتی بۆ خۆدارشتنەوەو نوێکردنەوە.

پێشکەوتنی زمان گرفتێکی قورسی کوردستانە. ئێمە بە دوو زاراوەی لێکجیا دەئاخڤین. واقیعی دابەشبوون بەسەر چوار وڵاتی لێکدی جیاواز،

دارمینەرانە بە سەر پێکهاتەی زمانی کوردیدا رەنگیداوەتەوە. جگە لەوە گرفتێکی دیکەمان هەیە کە بە دوو تیپی لاتین و عەرەبی لێکجیا دەنووسین. بەکارهێنان و دوورکەوتنەوە لەو تیپانە مۆرکێکی سیاسیشی وەرگرتووە. هەربۆیە ئەوەی لە باشوری کوردستان پێیدەنووسن لە باکور نازانن بیخوێننەوە. هەربۆیەش دابڕانێکی سەختی کەمەرشکێن دروست بووە. هەڵبەت هۆیەکانی راگەیاندن کەمێك رێگای لەبەردەم تێکەڵبوون و لێکحاڵیبوون خۆش کردووە، بەلاّم پشکی کتێب لەم دەورەدا وەك خۆی ماوەتەوە. ئێمە کاتێك باش لێکدی حاڵی دەبین کە یەك بازاڕی کتێبمان هەبێت و بە یەك تیپ بنووسین. دەبێ لەو گرفتە بکۆڵینەوەو فەرهەنگی کوردستان تێکەلاّو بکەین، ئەگینا خەتەری تەقسیم دەگاتە دابەش کردنی زمانەکەمان بۆ دوو زمانی لێکدی دوور. کامڵ کردنی زمان تەنیا لەرێگای کتێبەوە مەیسەر دەبێ. چونکە زمان بە ئاخافتن و دیالۆگی درێژ و بیرکردنەوەی عەمودی پێدەگات و کامڵ دەبێت. هیچ زمانێك تەنیا بە گفتوگۆی سەر جادەو چایخانە، یان بە رۆژنامەو نووسینی کورت پێناگات. جا مەبەستیشم ئەوە نییە کە ئەم هۆکارانەی ناوم هێنان هیچ دەورێکیان نەبێت. پێویستە بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی بڕەو بە بلاّوکردنەوە بدرێ بە لەبەرچاوگرتنی ستراتیژییەتی لێکنزیك کردنەوەی زاراوەکان. نابێ لەبیرمان بچێت بایەخێکی باش بە تیپی لاتینی بدەین، چونکە داهاتووی زمانی کوردی هەر نووسین بە لاتین دەبێ.

ئەگەر بە خێرایی زمانەکەمان کامڵ نەکەین و پەرە بە بلاّوکردنەوەی کتێب نەدەین، دەبینە لەوەڕگایەکی بەپیت بۆ هێرشی فەرهەنگی ولاّتانی داگیرکاری دەوروبەرمان و بۆ فەرهەنگی جیهانگیریش کە نازانین شێوەو

ناوەرۆکەکەیان چۆنەو چەند ئیستقراری رۆحی و رۆشنبیری بە دانیشتوانی کوردستان دەدەن. خۆ ئەگەر فەرهەنگی ئێمە کامڵ بێت، هیچ ترسێك لە تێکەڵبوون و وەرگرتنی توخمەکانی فەرهەنگی بیانی مانای نامێنێ؛ چونکە کورد بە فەرهەنگێکی زیندوو، کە توانایی مواکەبەی هەیە، مامەڵە لەگەڵ توخمەکانی بیانی دەکات. من دڵنیام کە ناتوانین لە کارتێکردنی بیانی بەدوور بین، وەلێ پێتڤی بکارین پارێزگاری لە بوونی خۆمان بکەین. کتێب ئەو بەردە پتەوانە دابین دەکات کە دیواری ئەم ساختومانەی لەسەر هەڵدەبەسترێ.

مەسەلەی تکنۆلۆژیای چاپ بۆ پەرەپێدانی ئەم کەردەوە نیشتمانی و فەرهەنگییە، باسێکی دیکەیە دەبێ ساغی بکەینەوە. ئێمە وڵاتێکی بچووکین چونکە بەشێکی بچوك لە کوردستانی گەورە رزگار بووە. دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە چوار ملیۆن تێناپەرێت. رادەی نەخوێندەواری زۆر بەرزە، زمانەکەمان کامڵ و دۆڵەمەند نیە بۆیەش سەرچاوەکانی زانین لای ئێمە لاوازن. لەوەشەوەیە بازاڕی کتێب هەمیشە کزەو لە کەساد دایە. بۆیە دەبێ حکومەت وەك ئەرکێکی نیشتیمانی، بودجەیەکی لەبار بۆ پەرەپێدانی کتێب تەرخان بکات و هەمیشە لەسەری بەردەوام بێت، وەك چۆن کارەباو ئاو و تەندروستی و ئاسایش دابین دەکات، دەبێ ئاسایشی فەرهەنگیش دابین بکات. پێویستە یاسای چاپەمەنی لەبارتر بکرێ و داراییەکی پتر لەم بوارەدا بخرێتە کارەوە. دەبێ یارمەتی برەودانی بازاری کتێب بدرێ و کار بۆ هەرزان کردنی بکرێ. کتێب زەرورەتێکی کۆمەڵایەتییەو دەبێ هەمیشە لەبەر چاوان بێت. ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ بەستراوەتەوە بە رادەی خوێندنەوە لەناو هاووڵاتیان. ئەگەر خەڵك نەخوێننەوە حکومەت خەتابارە؛ چونکە زاتەن هیچ میللەتێکی تەمبەڵ و نەزان لە دنیادا نیە. دەبێ پرۆژە بۆ گۆڕینی فەرهەنگی

خەڵك دابڕێژرێت و زادیەکانی نووسین دابین و پشتیوانی بکرێن. دەبێ هیچ تۆقاندن و ترساندن نەمێنێ و نووسەران و فرۆشیاران بە دڵنیاییەوە کاری خۆیان بکەن. پێویستە لەناو کۆمەڵدا خەڵك دڵنیا بن کوتەکی ناو هەمبانە نەماوە.

چەندی بکرێ زووتر حکومەت هەموو ئەرکەکانی پەرەپێدانی فەرهەنگ بە ئەستۆوە بگرێ و کاری خۆی بکات و لەبەرامبەر خوێنەراندا جەوابگۆ بێت. زۆر پێویستە سانسۆری حزبەکان لەسەر تێکڕای کاری ڕۆشنبیریی نەمێنێ بەتایبەتی لەسەر سیاسەتی فەرهەنگیی دەرهەق بە بڵاوکردنەوەی کتێب. حزب و دەزگاکانی دیکە هەقی خۆیانە چەند و چۆن کتێب بڵاو دەکەنەوە، بەڵام نابێ جێگای حکومەت بگرن و ئاستەنگ بۆ یاساو نوسەر بخوڵقێنن. پێویستە حکومەت بە حزبەکانیشەوە چاکسازی لە ڕوانگاو سیاسەتی خۆیان دەرهەق بە پەرەپێدانی کتێب بکەن.

لە کۆتاییدا دوبارەی دەکەمەوە کە رادیۆ، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان منافیسی کتێب نین و کاری ئەویشیان لە ئەستۆدا نیە، بۆیە نابێ ئێمەش تێکەڵیان بکەین. لە هەمان کاتدا دەکرێ تەکنۆلۆژیای نوێ، جیا لە تەکنیکی چاپخانە، بڵاو کردنەوە بە ئینتەرنێت، تۆمار کردنی کتێب لەسەر دیسك و CD و کاسێتی ریکۆردەر بیری لێ بکرێتەوە. چونکە دوور نیە خەڵکانێکی زۆر هەبن بە دەنگ کەڵك لە کتێب وەربگرن .

وەهەروا كاك هندرێن عەبدولقادر خاوەن كتێبخانەی برایەتی دەربارەی ئەم پێشانگایە دەڵی :

بنكەی كاوەی ڕۆشنبیریی كوردی بەهاوكاری دەزگای خاك لە سلێمانی ووەزارەتی ڕۆشنبیری و گۆڤاری مەتین لە دهۆك وكتێبخانەی برایەتی لە هەولێر لە١٠٤ ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی كوردی بە چاودێری بە ڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان نێچیرڤان بارزانی لە هۆڵی میدیا لە ڕۆژانی ٢٠ ٢٥ / ٤ پێشانگەی كتێب بەداشكاندنی نرخی كتێب ٤٠ ٪ كرایەوە .

لە ڕۆژی یەكەم دا خەلكێكی زۆر لە ئەدیبان و نووسەران و قوتابیان لەسەعات ١٠ سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠ ٤ سەردانیان كردە ئەم پێشانگایە كەوا لەم پێشانگایەدا نزیكەی ٩٥٦ جۆر كتێب نمایش كرا بوون وە نزیكەی ٥٤٦٠٠ كتێب لە پێشانگادا هەبوون بەراستی لەڕۆژانی ٢٠ ٢٢ / ٤ نزیكەی ١٤٠٠٠ هەزار كتێب فرۆشرا . وە ڕۆژانی ٢٣ ٢٤ / ٤ نزیكەی ٦٠٠٠ هەزار تا ٧٠٠٠ دانە فرۆشرا ئەم پێشانگایە بەگەورەترین پێشاگادا دادەنرێت لە جۆری نمایش كردنی كتێب و فرۆشتنی و هەموو جۆرە كتێبێكی گرتبووەخۆ بەنمایش كردنی نزیكەی ٩٥٦ جۆر هەموویان بە زۆریان هی دەزگاكانی هەرێمی كوردستان بوون . كردنەوەی ئەم جۆرە پێشانگگایانە بەڕاستی سەلماندنی كەخوێنەری كتێب زۆرە بەلاَم نرخی كتێب لە بازار گرانە جا بۆیە قوتابیان و خوێنەران زیاتر ڕوو لە پێشانگاكان دەكەن بۆكرینی كتێب .

بەلاَم ئێمە دەتوانین ئەم كتێبانەی كە لەم پێشانگایە فرۆشراوە لەرووی بابەتەوە نمایش كراون .

| | | |
|---|---|---|
| ١- | کتێبی دەروازەکانی کۆمەڵناسی | دەزگای موکریانی |
| ٢- | کتێبی بیری پۆست مۆدێرنیزم | دەزگای موکریانی |
| ٣- | کتێبی فەرهەنگی خەم | دەزگای ئاراس |
| ٤- | فەرهەنگی شارەزوور | دەزگای ئاراس |
| ٥- | درەختی کفر | دەزگای کاوە |
| ٦- | کوردستان فی عهد السلام | دەزگای کاوە |
| ٧- | مستەفا بارزانی | دەزگای ئاراس |
| ٨- | هزری ناتوندوتیژی | دەزگای موکریانی |
| ٩- | لەگەڵ عەقلی خۆرئاوادا | دەزگای سەردەم |
| ١٠- | دیوانی پیرەمێرد ( ١ ، ٢ ، ٣ ) | دەزگای خاك |
| ١١- | دین و سیاسەت | دەزگای گوڵان |
| ١٢- | کوردستان والاکراد الحركة القومية واثرها السياسية | دەزگای ئاراس |
| ١٣- | ادريس البارزاني - نموذجاً | دەزگای ئاراس |
| ١٤- | دیوانی نالی | چاپکراوەکانی پەخشی کوردستان ایران |
| ١٥- | الانتفاضات البارزانية | من مؤلفات كاوێس قفطان |
| ١٦- | بارزانی لەمەهەبادەوە بۆ ئاوی ڕووباری ئاراس | دەزگای موکریانی |
| ١٧- | لقاء العظماء | دەزگای کاوە |
| ١٨- | الديمقراطية والمجتمع المدن | دەزگای موکریانی |
| ١٩- | چێشتی مجێور | هەژار موکریانی |
| ٢٠- | جەنگی پیرۆز | پرۆژەی کتێبی دانسقە |
| ٢١- | شایەتە ماڵەکانی ئەنفال | عارف قوربانی |

ئەم لیستەی کە لە ژمارە ١ ٢١ دەستمان کردووە بەهەریەك لە جێگای خۆی دا نمایش کراوە دەروازەکانی کۆمەڵناسی نزیکەی ٣٠٠ ٤٠٠ دانە فرۆشراوە پاشان پۆست مۆدێرنیزم کە ٢٠٠ تاکو ٣٠٠٠ دانە فرۆشراوە لەپاشان فرۆشتنی کەم کە ٢٠٠ ٢٥٠ دانە فرۆشراوە ئینجا هەریەکەیان بەگوێری ژمارە نمایش کراوە فرۆشراون . جا ئەگەر تەماشای بکەی دەبینیت کە زیاتر ئەم کتێبانەی کە فرۆشراوە ( کۆمەڵناسی دەروونناسی و مێژوو سیاسی ئینجا شیعری کلاسیکی یان بیرەوەریەکان و ڕووداوەکان ) ئەگەر تەماشا بکەین گشتی دەربارەی ئەدەبی شیعر زۆر کەم زیاتر کتێبی کۆمەڵناسی و مێژوو ئەمرۆ لەبازاردا باویان هەیە لەگەڵ کتێبی لەسەر دۆزی کورد و ڕووداوەکانی پێشوو و بیرەوەریەکان وە ئەم بیرۆکەی کردنەوەی پێشانگا بەرێز ( صلاح بدر الدین) کە سەرپەشتیاری بنکەی کاوەیە دایناوە بەراستی خزمەتێکی گەورە بەخوێنەرانی هەولێر و دەوربەری گەیاند کە نرخی کتێبەکانیان لە ٤٠ ٪ داشکان .

# صدر عن رابطة كاوا للثقافة الكردية

- كفاح واستشهاد البطل السوفياتي الكردي فيودور ليتكين : تأليف يوري سالنيكوف، ترجمة : باقي نازي .
- كردستان والمسألة الكردية، تأليف البروفسور بافيج، ترجمة : برو .
- لمحات من تاريخ الانتفاضات والثورات الكردية ، اعداد : ابو شوقي .
- الحركة الوطنية الديمقراطية في كوردستان العراق ( ١٩٦١ ١٩٦٨ )، تأليف : الباحث الكردي السوفياتي : ش . ج . اشريان ، ترجمة : ولاتو .
- الجبال والسلاح، تأليف : جيمس اولدريج ، ترجمة : جوان .
- الجبال المروية بالدم ، باقي نازي ترجمة عن الكردية : رزو .
- انتفاضة الاكراد ١٨٨٠، تأليف : الباحث الكردي السوفياتي، جليلي جليل، ترجمة سيامند سيرتي . قصائد من الفلكلور الكردي، تحقيق : حاجي جندي، اورديخان جليل، جليل جليل، اعداد وترجمة : ولاتو .
- نهضة الاكراد الثقافية والقومية (نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين) تأليف : جليلي جليل ترجمة : باقي نازي، ولاتو كدر .
- القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، جمعية خويبون الكردية الوطنية، النشرة الخامسة، د. بلەج شيركو .
- كردستان تركيا بين الحربين، البرفيسور م . أ . هستريان، ترجمة : د. سعد الدين ملا، باقي نازي .
- في سبيل كردستان ( مذكرات ) تأليف : زنار سلوبي، ترجمة : د. رضوان علي .
- كردستان والاكراد، تأليف : ملا . ع. كردي .
- الاكراد (ملاحظات وانطباعات)، الاكراد احفاد ميادين، تأليف : ف. ف. مينورسكي، ترجمة وتعليق : د. معروف خزنەدار، د. كمال مظهر احمد .
- الاكراد شعبا وقضية، تأليف : صلاح بدرالدين .

- بطولة الكرد في ملحمة قلعة دمدم، اعداد، جاسمي جليل بالكردية والعربية، ترجمة : شكور مصطفى .
- موضوعات كردية، تأليف : صلاح بدرالدين .
- القضية الكردية والنظام العالمي الجديد، تأليف : صلاح بدرالدين .
- (هەولێر مدينتي الحبيبة، مدينة المتناقضات)، حليمة السنجاري رواية .
- ( سروه )، حليمة السنجاري رواية .
- البارزاني والحركة التحررية الكردية مسعود البارزاني جزءان .
- دراسات في تاريخ الكورد، د. فرهاد پيربال .
- غرب كردستان، دراسة تارخية سياسية وثائقية موجزة . صلاح بدرالدين .
- زنزانة گەڤەر تأليف : سلام عبدالله، ترجمة : احمد شوكت .
-
- موجز عن مسيرة الصحافة الكردية في غرب كردستان عبدالقادر بدرالدين، بالكردية والعربية .
- القضية الكردية امام التحديات صلاح بدرالدين .
- المدن الكردية آزاد ديركي .
-
- صلاح الدين الايوبي من جديد . عبدالخالق سەرسام .
- الكورد في دائرة المعارف الاسلامية ترجمة : حميد ريبوار .
- زرادشت والزرادشتية رمضان الداودي .
- تنظيم خويبون وثورة اگرى تأليف : روهات الاكوم، مراجعة شكور مصطفى .
-
- يلماز گوناى ودوره في السينما الوثائقية في النضال الوطني د. ابراهيم محمود .
- الادب الشفاهي علي جزيري .
- لقاء العظماء مذكرات الكاردينال أ . فيليتشكي، ترجمة : عدنان بدرالدين .
- وقائع المؤتمر التأسيسي لجمعية الصداقة الكردية العربية .

- جمعية خويبون والعلاقات الكردية الارمنية، محمد ملا احمد .
- الاصوليات الاسلامية وحقوق الانسان د. هيثم المناع .
- مجزرة حلبچه، حامد بدرخان .
- HAWAR 1-2
- RONAHI
- انتفاضة عام ١٩٢٥ في كردستان تركيا، د. كمال مظهر .
- عشائر كردستان، مجموعة من الباحثين .
- دراسة عن محافظة الجزيرة، الملازم الاول : محمد طلب هلال .
- صفحات من تاريخ حركة التحرر الوطني الكردي في سوريا، تأليف: محمد ملا أحمد
- ROJA NU
- JIN, 1-2
- ثقافة الحقوق الانسان، مجموعة من الباحثين، اعداد :د. عبدالحسين شعبان.
- زمبيل فروش، مذكرات : مراد خاني بايزيدي ، ترجمة : ولاتو .
- ELIFBEYA KURDI , Osman Sebri
- كردستان في عهد السلام، بعد الحرب العالمية الاولى، د. أحمد عثمان أبوبكر.
- وقائع المهرجان التضامني مع الشعب الفلسطيني .
- فعاليات الاسبوع الثقافي لرابطة كاوا للثقافة الكردية .